# (جارێکی تر بۆ هەڵەبجە .. لەگەڵ باوەشێک هیجرەتدا)

## کێ ئەبێتە گوڵی سەرت ؟

### پەخشانەشیعری : جەمال غەمبار..
( لە ئالآی ئازادی یەوە)

هاتووین هەندێ لە هەڵەبجە بچنینەوە ...
هاتووین وەک خۆی؛ بەیتی دێرینی ئەم عەزابە لەبەر کەین و ، تۆ لەوێوە و، یەکێکی ترمان لای خواوە و ، منیش ئەوەتام
لە سووچێکی خواری خوارەوەی زەمیندام ، لە ژوورێکی
سێ بە چواری غەریبییدا ، هەر هەمووومان ئەبینەوە بە باران و
ئەبینەوە بە شەماڵە خامۆشەکەی جاری جارانی گوڵان و
ئەبینەوە بە مەولەوی و دەخیلی ساقی و مەی ئەبین !
ئەبینەوە بە عاشقەکەی جارانی ئێوارانێک کە نیشتمان سەری شکاوی هەڵەبجەی بە پەڕۆی گۆرانییەک بەستبوو ..
ئەبینەوە بە هەڵەبجە خۆی، ئیتر قەت لە خۆمان ناچین ،
ئیتر بە خەیاڵاتی تێپەڕین بە کانیی عاشقاندا
خۆ ناخەینە بەر فوارەی نەغمەکانی – مینەی لولەکژەن – ، جاران ئەمانگوت ؛ لە جیاتی هەڵەبجەیەک ، هانێ ئەوە سرووده تەڕەکەی (ئەی ڕەقیب) و ئەوەش مشتێک لەو خاکی وەتەنەی کچەکانی بە قەیرەیی هێشتینەوە و پڕی کردین لە بێدەنگیی !
جاران ئەمانگوت ؛ شیفای غەریبیی
شکاندنی سەرخەوێکە لە باوەشی هەڵەبجەدا
ڕشتنی چاوەکانی قەسیدەیە بە کلی هەڵەبجە
تەڕکردنی خونچەکانی قسەکردنە بە ئاوی چاوی هەڵەبجە ..
جاران وامان ئەوت و کەسیش تووڕە نەئەبوو
کەسیش لە بێوەفاییدا  بەردبارانی نەئەکردین ..
جاران ئێمە مشتێ باران بووین لە مەرکانەی
ماڵە جافێکی شیرینی هەڵەبجەدا ،
هەر ئێمە بووین بە عەشقەوە لە – جەمخانەیەکی – پیرۆزی گوندی هاوار دا ، ڕوو لە – پردێوەر – ئەوەستاین و

نزامان ئەکرد نزای هەق ، بە بەرگی شەهادەتیشەوە
مۆمە ڕەنگاوڕەنگەکانی – یارسان – ی پاکمان پێئەکرد ..
ئەوە ئێمە بووین ،
ئێمەی منداڵەکانی موعتاد بە خۆشەویستیی کۆتر
بە ڕەسمکردنی کەنارییەکان لە دەمی گۆرانیی وتندا ،
ئێمە ئەو منداڵە بزێوانەی ، هەر ڕۆژێک کەژاوەی شەهیدێک
بە بەردەم ماڵی دڵماندا ڕائەبورد ، جگە لە گوڵباران ؛
هاواریشمان ئەکرد: تو خوا بەو شەهیدە بڵێن ؛ لێرەش شەهیدێکی بزورگ ڕاکشاوە ،
نەک نەیناسێت ، پێی بڵێن ؛ بەر لە تێپەڕین سڵاوێکی لێبکات ..
بیرمە یەکێکمان کە هەر بە منداڵیی بە جێی هێشتین ، بیرمە شاعیرێکی ڕەشتاڵەی قژ ماش و برنجیی ،
بیرمە خۆی بوو ؛ حەمە حسەین هەڵەبجەیی (*) ..
بیرمە پرسی :
تۆ چۆن هاتیت ئەی شەهیدە بزورگەکە ، تۆ چۆن هاتیت ؟ نەتئەزانی چێشتەنگاوێکی ناوەختی وەک ئەم کاتانەی مانگی مارت هەمو ئەکەوینە سەر ئاو ،
هەر هەموومان ئەبینە پەیکەری خۆرەلێدراوی کیمیایی !
نەتئەزانی ئەبینەوە بەو کۆڵانەی لەبەر تاعون
هیچ منداڵێک بۆ خەتخەتێن ڕوو بە هەواری ئێمەدا ناکاتەوە ..
تۆ چۆن هاتیت ؟ بەناو بایەکاندا ڕێت کرد
یان خۆت تەسلیمی قەدەر کرد ؟
تۆ چۆن هاتیت کە نەتئەزانی لەبەر فەوزای کوژانەوەی ڕۆحەکان
شیعر ڕوو لە کوێ ئەکات و
خەڵک چۆن چۆنی ئەمرن !
تۆ چۆن خۆت گەیاندە ئێرە ئەی شەهیدە بزورگەکە ،
کە تەقسی مەرگ زۆر جیا بوو لەوەی
کەسێک لەسەر پێخەفێک ڕاکشێ و خزم و کەس و هاوڕێ و دەر و دراوسێی بە دەورەوە ..
جیا لەوەی کەسێک فریا نەکەوێ ، مانیفێستی خوا لەگەڵ خۆی ببات ، پەنجەیەک بۆ شایەتمان هەڵبڕێت !
تۆ چۆن هاتیت ، ئەی شەهیدە بزورگەکە تۆ چۆن هاتیت ؟

******

تۆ کاڵیش بیتەوە ،
وەک حیکایەتی – با – بەدەم گەیشتنەوە کاڵنابیتەوە ..
تۆ ڕەقیش هەڵێیت ، وەک تەنیایی ئاوێک لەبەر زریانی عومردا ڕەق هەڵنایەیت ..
تۆ ئەمجارە بشگەڕێیتەوە باخی میر ،
وەک یەقینی درەختێک بە خوێندنی بەیانیانی باڵندەیەک ناگەڕێیتەوە ..
ئەمجارە گەر بڕژێیت ، وەک مەرەکەبەکەی نالی ، بەدەم سۆزی غەریبییەوە ناڕژێیت
.
تازە تۆ گومانت هەیە لە ؛
کاڵبونەوە و
ڕەقهەڵاتن و
گەڕانەوە و
ڕژان .
تازە تۆ گومانت هەیە لەوەی لە جیاتی – عومەر –
ئاخۆ کێ خۆی ئەکات بە کوڕەکەی – خاوەر – !

تازە تۆ بە گومانیت لەوەی
کێیە لەم نزایەدا جێگەیەکی بێوەی ، بۆ نیشتمان بکاتەوە ،
نیشتمان ئەوەتانێ لە پای دیواران شەوگار بە دیار نۆشکردنی چارەکێ سیاچەمانەوە بەڕێئەکات ، ئەوەتانێ لە پای دیواراندا جار جار بە دزییەوە ڕەسمی عەشیقەکەی دەردێنێ و ماچێکی ئەکات و ، بێئەوەی کەس پێبزانێت ، ئەیخاتەوە باخەڵی !
تازە تۆ گومانت هەیە لەوەی ژیان چەندە کورتە ، بەڵام عومری نیشتمان کورتتر ..
گومانت هەیە لەوەی خەم زۆر زووتر لە بەختەوەریی گەورە ئەبێت ..
گومانت هەیە لەوەی هەڵەبجە ئەبێتەوە بە هەڵەبجە .. ئەبێتەوە بە کانیی شەرابی عاشقەکانی نیشتمان !
تۆ گومانت هەیە ..
گومانی تۆ ، ئەی شەهیدە بزورگەکە ، هەتا بێت دا ئەکات و
هەرگیز خۆش ناکاتەوە ..
من لێرەم و ، خەمی بزورگی هەڵەبجەش
خوا ئەزانێت لە کوێدایە و لە لای کێیە !

(*) شاعیری جوانەمەرگ حەمە حسێن هەڵەبجەیی ؛ ئەو پیاوە عاشقەی بە بێدەنگیی ژیا و بە بێدەنگییش جێی هێشتین .